# ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین، وگەنجی بەهێز بووین، فێری ئیمان (باوەڕ) دەبووین پێش ئەوەی قورئان فێر ببین، پاشان فێری قورئان بووین، و بەهۆیەوە ئیمانمان زیادی دەکرد

له جوندوبی کوڕی عبد اللهوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین، وگەنجی بەهێز بووین، فێری ئیمان (باوەڕ) دەبووین پێش ئەوەی قورئان فێر ببین، پاشان فێری قورئان بووین، و بەهۆیەوە ئیمانمان زیادی دەکرد.

[سەحیح - ڕاست]] [(ابن ماجه) ڕیوایەتی کردووە)]

جوندوبی کوڕی عبد الله -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین، و گەنجی بەهێز و توندوتۆڵ بووین؛ و نزیک بووین لە پێگەیشتن، لەلای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری باوەڕ دەبووین پێش ئەوەی قورئان فێر بین، پاشان کاتێك فێری قورئان بووین؛ بەهۆیەوە باوەڕمان زیادی کرد.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee